کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلەكترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
19-6-2007 18:51 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

**بە كورتی، سەبارەت بە پرسیارەكانی ((تەوەرەیەک لەسەر رەشەكوژی ژنان لە كوردستان)) ... عەباس ئیسماعیل حەمەد**

سوید

ئەگەر سەرنجی تێكڕای پرسیارەكان بدەینو بیانخوێنینەوە، دەكرێ چەند هۆی گشتیو ڕاستەوخۆ دەستنیشانبكەین، بەڵام بە پلەی یەكەم بەڕای من، دەسەڵاتی سیاسیو فەرمانڕەوایی لە كوردستان ئەوجاش لە عیراق، ڕۆلی گەورەیان هەیە لە زیادبوونی كوشتنی ژناندا. بەڕای من:



- دەسەڵاتدارانی ناو حكومەتو پەرلەمانی كوردستان كێشەكەیان بەهەند هەڵنەگرتیە.
- ململانێی نێو یەكێتی نیشتمانی كوردستانو پارتی دیموكراتی كوردستان، ڕێنەكەوتنیانە لەسەر دەسەڵات، بۆتە هۆی پەرەسەندنی گەندەڵی لە گشت بوارەكانی كۆمەڵگا. كاتێكیش كە كۆمەڵگە گەندەڵ دەبێت، ئەوا بوار بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵاتی بچوک بچوک خۆشدەبێتو دیارو نادیار كاری خۆیان لەشێواندنی جەستەی كۆمەڵگە دەكەن، مەبەستم لە دەسەڵاتی بچوک، دەسەڵاتی خێڵو دەستەوتاقمە لەناو هەناوی دەزگاكۆمەڵایەتیەكان. لەسەردەستی ئەو خێڵو تاقمانە مافی دیموكراتی فەرامۆشو پێشێلدەكرێت، ناهێڵن دیموكراتیەتو ڕێزگرتن لە مافی مرۆڤ ببێت بە كولتوورو بنچینەی موراڵ لای خەڵكی.
- ڕێكخراوی بەناو كۆمەڵگەی مەدەنی، خۆی وابەستەیە، چۆن دەتوانێت، هەوڵدانی سەربەخۆی ئازادانەی هەبێت، ئەگەر ئەو دوكانە كۆمەڵایەتیانەی دەستەو تاقم یان پارتەدەسەڵاتدارەكان پشتگیریان بكەن، چۆن دەوێرن دژ بە بەرژەوەندی ئاغاكانیان كاربكەن. كۆمەڵەو دەزگا مەدەنیەكان سەرچاوەی بژێون، چۆن ڕووناكبیران بۆ خاتری ((ژنێك یان سەد)) ، لەققە لە بەختی خۆیان دەدەن.
- ئەمڕۆ سازشو سەوداكاریەكی خۆبەخۆی بەربڵاو بۆ پاراستنی بەرژەوەندیە تایبەتیە بەرتەسكەكان، لەنێوان پارتو ڕێخراوە كۆمەڵایەتیو سیاسی هەروەها زۆربەی ڕووناكبیرانیشدا هەیە، بۆیە پێناسە موراڵیەكان ماناكانی لەدەستداوە. شیرازەی بنیاتی كۆمەڵگەیەكی خۆشگوزەرانی، دادوەرانە، یاسامەدەنی، هەڵوەشاوەتەوە. ئەوەی كە ئەگەر لە سەردەمی كۆنیشدا هەبووبێت، ئەمڕۆ لەسەر دەستی كورد خۆی لەنێوبراوە.

دەكرێ پترو وردتر لە هۆیەكان قووڵببینەوە، لە ڕوویێكی دیكە هۆكارەكان ببینین. باس لە تاكی كوردستان بكەین لایەنەكانی هەڵسوكەوتی شیبكەینەوە، بۆ نموونە، تێبگەین كە لەبەرچیە كوشتنی مرۆڤ لای مرۆڤ ئەوەندە ئاسانە. ئایا كاتێك كە مرۆڤێك مرۆڤێكی دیكە دەكوژێت، ئەمە مانای كوشتنی خۆ نیە لای ئەو بكوژە؟ دیاردەی كوشتن لەم سەردەمەدا، لای ئێمە بەردەوامیەكەی لەو پەروەردە سیاسیەوە ئاینیەوە سەرچاوە دەگرێت. دوژمانی كورد بە درێژایی مێژوو، هەر لە سیستەمی ئاینەوە تا سیستەمی كۆڵۆنیالیزمو ئەوجاش دەسەڵاتی مەركەزی پارچەكانی كوردستان، فێریانكردووین، ڕایانهێناوین كە بەرزترین پایەی ئەخلاقیو ئینتمابوونی مرۆڤ، لە كوشتنی مرۆڤەوەیە. كوشتنیش بە ماناو پاساوە جیاجیان وەک لە وێنەی شەهید بۆ حیزب، بۆ ئاین بۆ زۆر بتی دیكەش.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكانیانە، كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

ئەمن ئەگەر بۆ ئەو کێشەیە، بیر لە چارەسەری بکەمەوە، ڕووی نووسینەکەم ئاراستەی حوکمەتی هەرێمی کوردستانو پەرلەمانەکەی دەکەم، ئەوان تاوانبارن لە تەشەنەکردنی ئەو دیاردە نامرۆییە. حوکمەتو پەرلەمان دەیانتوانی بە دارژتنی برگەی یاساییو پێداچوونەوە لە باکارهێنانو ناچارکردنی دامودەزگاکان لە پەیرەوکردنیان، نەیەڵن ئەو کێشەیە ڕەگوڕیشەی بەو شێوەیەی ئێستای دابکوتێت. هەر برگەی یاساییە هەڵسوکەوتی خەڵکان لە ناو کۆمەلگادا ڕێدەخات، بەرەو ئاراستەیەک دەبات کە لە خزمەتی کۆمەڵگەو کەسەکانی بێت.

پاشان ڕوو لەو ڕێکخراوانە دەکەم کە بەناو مەدەنین، ئەگەر ژنانە بن یان پیاوانە، کە بۆ بەدیموکراتیکردنی کۆمەڵگاو نەهێشتنی چەوسانەوەو هەڵاواردن کاردەکەن، خەبات بۆ کێشە ژنان دەکەن، ئەوانەی باس لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی ئینسانی دەکەن، ئیتر بەسە بێدەنگی.

Abbas. hamad@yahoo. se

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.